

جیل دۆلۆز
لە فارسیەوە: جەلال رەحیمی

# ئەزمونگەرایی بالا

«ئەزمونگەرایی بالا»(Transcental empricism). واژەیەکە دۆلۆز لە یەکێک لە کارە سەرەتاییەکانیدا (جیاوازی و دووپاتبوونەوە، کە لە ساڵی 1958 لە فەرەنسا چاپکرا) بەکاریهێناوە و تا دوایین کاری لەگەڵ گاتاری، فەلسەفە چییە؟ کەڵکی لێوەرگرتووە. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە ئەزمونگەرایی بالا بۆ دۆلۆز نەک تیۆری بەڵکو گرفتە. زۆربەی فەلسەفە بالاکان بنەمایەکی بالایان هەیە، کە بە هاوکاری ئەو ئەزمون شرۆڤە دەکەن، بۆ نمونە شتێکی هاوشێوەی بالاترین بوونەوەری وەکو «سوژە»، بەڵام دۆلۆز بە بەردەوامی بە دوای ئازادیدا دەگەرێت لە زەمینە و کانگای دنیاوە، چونکە هەوڵدەدات وەکو هەبوون بیر لە ژیان بکات نەک بوون. بەم پێیەش، ئەزمونگەرایی بالا لە چەمکی «ئەزمونگەرایی» واتای ئەزمون یان پێشهات - بۆ نمونە بیرکردن سەبارەت بە ئەزمونێک، ژیان، یان گۆران لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر بەکاردەهێنێت، کە زەمینە یان بنەمایەکی بەدەر لە خۆی نییە. لە بەشی پێشوودا بینیمان کە چۆن دۆلۆز هەوڵدەدات بەزمانی ماشێنەکان و کاریگەریەکانی ئەودیوی دیمەنەکانی تەماشاکارە مرۆییەکان بیربکاتەوە. وەدەیە کە ئەو لە بەرهەمەکانی خۆیدا دەربارەی ئەزمونگەرایی ئیستعلایی، هەوڵدەدات فەلسەفەی نامرۆیی بخولقێنێت.

گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت

**هونەر و فەلسەفە**

فەلسەفە چەمکێک بۆ سەردەمی ئێمە پێکدەهێنێت، کە زەمەن ژێروڕو دەکات. هەنەر، ئەزمون بە مەبەستی خولقاندنی هەستەکان و کاریگەریەکانی دەهاڕێت، کە هێشتا ناوێنەی هێڵەکانی زەمەن نەبوون. چەمکی دۆلۆزی وێنەی زەمەنی سینەمایی کردەیەکی فەلسەفیە لە کاردانەوە بەرامبەر بە پێشهاتێکی تایبەتی هونەری. ئەم چەمکە ڕێگەی ئەوە بە ئێمە دەدات، کە سینەما بە شێوازێکی جیاوزاز ببینین. ئێمە دەتوانین بچین بۆ سینەما و کارێکی باشر لە بەدواداچوونی ریوایەت و هاوزانی لەگەڵ کەسایەتیەکان ئەنجام بدەین. دەتوانین ڕێگای ئەوە بە سینەما ڕێگا بدەین، کە سەرقاڵمان بکات و بمانگۆڕێت . ئەمە وێنەی زەمەنە کە دەنگێکی ناپەیوەندیدار سواری وێنەیەکی نابینی نەگونجاو دەکات و لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی تر لە دەنگێکەوە بۆ دەنگێکی تر دەچێت ئاسۆی ئەنهایی زەمەن کە لە ڕێگایەوە جیهان دەبینین، وێران دەکات و ئێمە زەمەن وەکو گشتیەتی ڕەوتەکان و کۆمەڵەی دووردەپەرێز دەبینین. ئەگەر فەلسەفە ڕێگای ئەوە بە ئێمە بدات کە سینەما بەم شێوازە ببینین، ( و بەم جۆرە ئەگەری گۆڕینی دەروونی زەمەنەن مەیسەر بکەین) سینەماش کاریگەری دەکاتە سەر فەلسەفە. بۆ دۆلۆز، فەلسەفە تیۆری یان شرۆڤەی جیهان نییە. فەلسەفە وەکو هەموو جۆرەکانی ئەندێشە، «پرسێکی ناڕێکە» (دۆلۆز و گاتاری199: 1994). ئەمە ئەنها بوون(رسکان) نییە، بەڵکو «ئەوێتر بوونە» ئەو کاردەش لە ڕێگای کاردانەوە بە ئەوێتر دێتە ئاراوە»ئاشۆب». نە هونەر و نە فەلسەفە، هیچکامیان شێواو و ناڕێک نین، بەڵام ئەگەر بە دانەرانی ئاشۆب ڕێگای چوونە ناو ئەندێشە و گۆڕان و بزواندنی ئەو نەدرێت شتێک بەدەر لە بڕوایەکی رەها نابن»هەمان 204).تێکشکاندنی بڕوایەک لە ڕێگەی پچڕانی هەماهەنگی یان یەکبوونی ئەزمونی فەرزکراو بەدەست نایەت. ئێمە پێویستیمان بە هونەرە وەکو ڕەوڕووبوونەوەیەکی ناکردەهەندی هەستپێکرا و بە فەلسەفە بۆ خولقاندنی چەمک نەدۆزراو پێویستمان هەیە. وێنەی زەمەن، بە واتای چەمکێک، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە دەکارێت. لەلایەک ئەم چەمکە لە ئێمە دەخوازێت کە سینەمای «بڕگە بێ لۆژیکەکان» هەست دۆزەرەوەیەک کە بە ئەماشاچیانی دیاریکراو وابەستە نییە زیاد بکەین. ئاوەهایە کە سینەما دەتوانێت بێتە ئەزمونێکی نوێ لە پرسی هەستەکان و تێگەشتنەکان لە گۆشەنیگا و داوەری رزگار دەکات. لەلایەکی تر، چەمکی وێنەی زەمەن ئاماژە بە هێزی پشتگوێخراو و وەگەڕنەکەوتوو جیاواز دەدات، کە لەو ڕێگایەوە تێگەیشتنی ئەنها دەردەکەوێت( بۆ نمونە، ئەنها ئەگەر جیاوازی شەپۆلەکانی تیشک و جیاوازی وەکو جیاوازی بوونی هەبێت ناکردەهەندی بوونی وێنەی رەنگ دەتوانێت لەکاردابێت. ئەو چەمکەیە کە بیر لەو هێزە وەگەڕکەنەکەوتووە دەکاتەوە،بەڵام بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەزمونی ناکات). چەمکی وێنەی زەمەن ئەنها سینەما شرۆڤە ناکات، ئەم چەمکە ئەزمونی کاریگەر دەهێنێتە سینەماوە و ڕێگای ئەوە بە ئێمە دەدات، کە بە شێوازێکی جیاواز و لە جیهانێکی نوێدا و بیر لە خودی ڕەوتی زەمەن بکەینەوە. هونەر دۆخگۆڕێکی هەستیە کە ئێمە لە خۆمان دووردەخاتەوە،

بۆ ئەوەی بەدوای بابەتەکەدا بچین لە کاتێکدا فەلسەفە دۆخگۆڕێکی چەمکیە کە ئێمە و ئەوەی کە شیاوی تێفکرینە دەخولقێنێتەوە.

ئامانجی هونەر، بە هۆی بەرژەوەندیەک کە هەیەتی، باشتر دەرهێنانی هەستی دۆزەر لە دەستی تێگەیشتن ئۆبژەکان و دۆخەکانی سوژەی تێگەیەنەرو، هەروەها بە دەرهێنانی کارتێکەری لە کارتێکراوێکە، کە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر تێدەپەڕن، هەروەها هێنانەدەرەوەی کۆمەڵەی هەستەکان یان وجودی روونی هەستەکانە.

ئەرکی فەلسەفە، کاتێک کە چەمک و گەوهەرەکان دەخولقێنێت، هەمیشە هێنانەدەرەوەی رووداوێک لە شتەکان و بوونەوەران و بەخشینی رووداوێکی نوێ بەوانە: شوێن، زەمەن، مادە، ئەندێشە، پرسی مومکین وەکو رووداوەکان. (هەمان 33)

**باڵابوون**

میشێل فۆکۆ (1926-84)، یەکێک لە هاوەدەمانی جیل دۆلۆز و بابەتی یەکێک لە لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکانی ئەو، نەریتی فیکرەی خۆرئاوای شیکردوەتەوە، لەو رێگایەوە هەوڵیدەدا کە ئەو نەریتە لە «گوێڕایەڵی بە باڵابوون) ئازاد بکات(فۆکۆ1972:203). باڵایی( کە بە تەواوەتی جیاوازە لەگەڵ بەرزبوون و پرسی بەرزی) ئەو شتەیە کە دەچێتە پێش یان بە شتێکی دەرەکەیەوە گرێدەدرێ. بە وتەی فۆکۆ، بیرۆکە و دامەزراوەکانی ئێمە هەمیشە پشتیان بە درەوەیی بوون بەستووە: شتێک کە هەستی پێدەکەین، دەتوانین بیناسین، ئاشکرای بکەین، یان شرۆڤەی بکەین، ئەوەی کە شێوازێکی بنچینەیی بە ئێمە دەبەخشێت. فۆکۆ بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە ئەو بابەتە «ئاکاری ناسین»ی لێدەکەوێتەوە،

کاتێک کە جیهانێکی باڵاتر و هەقیقیی تر لەو دیوی دەرکەوتەکانەوە ئەسەور دەکەین، بەدینەهاتوو دەبێت و دەبێتە مایەی بێهیوایی و نائۆمێدی. دۆلۆز و فۆکۆ جگە لە هەقیقەت خۆباوەڕیە ئایبەتیەکانی، مێژووی باڵابوونیشیان وەسفکردوە

کە بەو پێیە وێنای ئەوە دەکەین، کە ئەگەر «واقعیاتێکمان» لە جیهانی دەرەوە دەستبکەوێت، تێدەگەین ئەو جیهانە چۆن دەکارێت. دۆلۆز لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە فۆکۆ، لە بەرهەمەسەرتاییەکانیدا دەربارەی فەلسەفە، لە دوایین کاریشیدا کە لەگەڵ گاتاری بە ناوی»فەلسەفە چییە» کردیان، رێڕەوێک لەو دێوی باڵابوون دەستنیشان دەکات. لە بەرامبەر باڵابووندا وەکو ئەخلاقی ناسین، شوێنێک کە تێیدا بەدوای ملکەچی لە هەقیقەتی کۆتاییین، دۆلۆز فەلەسەفەکەی وەکو ئەخلاقی amor fati وەسفدەکات. عەشق بەرامبەر بەوەی کە هەیە(نەک بە هەقیقەت، بەڵگەهێنانەوە یان بنەمایەکی دەرەکی لەوەی کە هەیە، بنەمایەک کە بەنیسبەت ئەوەی کە هەیە پێگەیەکی باڵاتریان هەبووە) دۆلۆز:1994)بەشێک لەو داخڵبوونە پشتڕاستکردنەوەی «ئەوەی کە هەیە» ئەو واتایە دەگەیەنێت کە فەلسەفە دەبێت شتێک زیاتر لە رەخنەگرێک بێت، نمایشکردنی خۆشباوەڕیە باڵاکان بەس نییە، بۆ نیشاندانی ئەم هەموو بنەما داهێنەرانەی ئێمە - وەکو خواوەند، بوون، هەقیقەت - کە زیاتر لەوەی کە بوونیان هەبێت، خولقێنراون . ئێمە پێویستیمان بەو هەیە کە لایەنی پۆزەتیڤی ئەم گەشەیەش ببینین. ئەوە چ ئەندێشەیەکە کە خۆی بە وێنەیەک لە پرسێکی دەرەکی گەورەتر بەرتەسک دەکاتەوە؟ ئایا ئەم بابەتە پێمان ناڵێت کە شتە، داهێنەر و پۆزەتیڤ و رزگارکەرەکان لە توانای ئەندێشەدایە؟

ئاشکراترین و گشتی ترین شکڵی پرسی باڵایی (کە فۆکۆ شرۆڤەی کردوە) هەقیقەتە. لە بری ئێبینی ئەوەی کە ئێمە وەکو بەرهەمهێنانی پەیوەندیەکانی نێوان خۆمان لە جیهاندا دەیڵێین و ئەنجامی دەدەین ، وێنای دەکەین کە مانا یان هەقیقەتێک بوونی هەیە، کە لە چاوەڕوانی شرۆڤەکردن، ئاشکرابوون یان لەقاوداندان. (ئەم ئەخۆشیە لەلایەن دۆلۆز و گاتاری (1987) وەکو لێکدانەوەی ئەودیوی وشە وەسفیانکردوە) ئەم داهێنانی هەقیقەتە کە قەشەکانی پێکهێناوە (کەسانێک کە ئێمە بەرەو هەقیقەت رێبەری دەکەن) سکهەڵگوشین و پاکی دروست دەکەن. بەم هۆیەش تکۆڵی لە حەزەکانمان دەکەین و خۆمان بە کەماڵخوازی بە رواڵەت سودمەندتردوە دەبەستینەوە. تێکڕای ئەم پرۆسەیە لە بنەڕەتدا بەرەو ئەهیلیزم دەچێت. کاتێک کە جیهانێکی باڵاتر و هەقیقیی تر لەو دیوی دەرکەوتەکانەوە تەسەور دەکەین، بەدینەهاتوو دەبێت و دەبێتە مایەی بێهیوایی و نائۆمێدی. دۆلۆز و فۆکۆ جگە لە هەقیقەت خۆباوەڕیە ئایبەتیەکانی، مێژووی باڵابوونیشیان وەسفکردوە. دۆلۆز و گاتاری، مێژووی فەلسەفەیان وەکو دروستکردنی «رووی باڵابوون» وەسفکردوە روویەک کە لە رێگایەوە بنەما و زەمینەی فیکریمان

گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت

ژمارە (٣٩) حوزەیرانی ٢٠١٣

دەخولقێنین(دۆلۆز و گاتاری 1994). دەتوانین ببینین کە چۆن دیمەنی خواوەندێکی دادگەری دەرەکی کە ئێمە نەنها دەبێت یاساکانی ئاشکرا بکەین، دەتوانێت بنەمایەک بۆ فیکر پێکبهێنێت، بەڵام خەیاڵگەلێکی کەمتر ئاشکرای وەکو هەستی، سروشت و فەرهەنگیش دەتوانن وەها کارێک بکەن. ئەوانە ئاستێک فەراهەمدەکەن، کە تێیدا هەموو کردەکانی ئەندێشە و حەیات شیاوی شیکردنەوە بن. دۆلۆز تەنها قۆناغی ناڕۆشن، ئاڵۆز، کەمتر پێوەندیداری باڵابوون بەیان دەکەن، کە ڕەنگە گرنگترین خەیاڵی «سوژە» بن. بە لەبەرچاوگرتنی نمونەی کۆنایی کە دەبینین ئەندێشە و بیرکردنەوە لەو دیوی باڵایی چەندە ئەگەری دژواربوونی هەیە. هەڵبەت ئەم خاڵە یارمەتیدەری شرۆڤەکردنی ئەم بابەتە دەبێت، کە بۆچی دۆلۆز ئەم پێویستییەی هەستپێکرد، کە هونەر و فەلسەفە بۆ تێکشکاندنی زەمینە یەکپارچە و فەرزکراوەکانی ئەزمون و گەیشتن بە کاریگەری و چەمکەکان، دەخاتە ژێر فشارەوە.

**سۆبژەکتیڤ**

سوژە چەمکێکی مۆدێرنە لە فەلسەفەدا کە لە ئەفسانەی «مردنی خواوەندەوە» هەڵێنجراوە. ئەگەر ئیتر گریمانەی ئەوە نەکەین کە دەسەڵاتێکی خواوەندی لە ئارادایە، کە مانا و دیسیپلین بە جیهان دەبەخشێت، دەبێ شیبیکەینەوە کە جیهانی ئێمە چۆن خۆی وەکو یەکانگیریەکی یاسایی و بەدیسیپلین ئاراستە دەکات. شیکردنەوەی ئەم پرسەم، لە فەیلەسوفی سەدەی حەڤدەیەم، دیکارت(1650 – 1569) وەرگرتووە، بۆتەوەی ڕەوتی سەدە بیستەمی دیاردەناسی، بەمجۆرە بووە کە، ئەزمون لە ڕێگای «سوژەوە» دروستدەبوو. دۆلۆز بە بەردەوامی ئەم بۆچوونە دەداتە بەر ڕەخنە. سۆبژکتیڤیتە لەسەر بنەمای ئەم باسە دامەزراوە کە، هەقیقەت، بوون و جیهانێک کە ئێمە دەیناسین، جیهانێکی ئەزمونکراوە لەبەردەم گومان و پرسیاردا و ئەوەی کە ناتوانرێت بکەوێتە بەر گومانەوە، لەو دیوی گومان و پرسیارەکانەوە دەمێنێتەوە سوژەیە، واتا کەسێک کە خۆی دەست بە ئەزمون دەدات و گومان دەخولقێنێت. ئەم بابەتە لە کوگیتۆ(cogito)ی بەناوبانگی دیکارتدا بەیانکراوە: بیردەکەمەوە کەواتە هەین». لە گومانکردن بەرامبەر بە هەر شتێک، ئەوە منم کە بیردەکەمەوە ئەم پرسەش زەمینەیەک بۆ دڵنیایی دروستدەکات: واتا سوژەیەک کە تێدەفکرێت. پێدەچێت ئەم بابەتە لەناوبردنی هەموو بنەما باڵاکان و سنوردارکردنی هەموو شتێک بێت جگە لە ئەزمون. بێگومان زۆربەی بۆچوونەکانی سەدەی بیستەم و سەدەی بیست و یەکەم بنەمای سوژە قبوڵ دەکەن، بنەمایەک کە بە وتەی دۆلۆز لە فەلسەفە سەرتر چووە و لە کولتوری عامە و ژیانی ڕۆژانەشدا پەرەیسەندوە. تەنانەت ئەگەر بیر لە سوژە بکەینەوە لە حاڵەتێکدا کە دولۆز و چین و ڕەگەز دیاریدەکەن دیسان بەو جۆرەی کە سوژە چاودێر و جیاوازەکان ئەزمونی دەکەن سەیری جیهان دەکەین. بینینی جیهان ئەگەر بە شێوەی سۆبژکتیڤ دروستکرابێت و وابەستەی زمان و فەرهەنگی ئینسانییە داگەڕانێکی لاواز و ئاسایی هەیە. سوژە لەلای دۆلۆز تەنها شکڵێکە لە پرسێکی باڵابوون(دۆلۆز 106:1990)لەوانەیە ئیتر ئێمە بنەما دەرەکیەکانی وەکو (خواوەند و هەقیقەت)مان نەبێت، بەڵام «وێنەیەکی ئەندێشە»مان خولقاندوە(دۆلۆز:1994) کە لەو بنەمایەی خۆمان قبوڵ دەکەین. ئەمە ئەو شتەیە کە ناوێرو ئێمە پێشتر هاوسەر



میشێل فۆکۆ

پێکدەهێنێت و «هەمووان لەو بڕوایەدان کە...» یان «هەمووی ئێمە دەزانین کە...» یان «گەمژانە و بێمانا دەبێت کە پێمان وایە...»پێکدەهێنێت (دۆلۆز 1994). بەم هۆکارەیە کە هونەرو فەلسەفە گرنگیان هەیە. ئەوان تەنها شێوازێک لە ئەزمون کە ئەزمونی سوژەی ناسراوی گشتی نین داناهێنن، بەڵکو هەماهەنگی سوژە ئەنهاکان وێران دەکەن و ئەو جۆرە لە ئەندێشە بۆ کاریگەریەکان، چەمکەکان و بینینەکان دەگۆڕن.

دۆلۆز لە شیکردنەوەی ئەوەدا کە چۆن وەکو «رووی باڵایی» دروست بووە، شکڵگرتنی کۆگیتۆ وەکو چەمکی فەلسەفی شرۆڤە دەکات.

کۆگیتۆ هاوتای لاتینی « من ئێدەفکرم»ە. دیکارت لە بەڵگاندنێکدا دەڵێت لە گومانکردن بە هەرشتێک لە کۆتاییدا ئەوە ئێمەین بیردەکەینەوە و ئەم بیرکردنەوەیە وەکو زەمینەکانی کۆتایی دەکارێت. ئەم روانگەیە گریمانە دەکات کە ئەزمونگەلێک هەیە کە لای ئەو کەسەی کە ئێدەفکرێت روونە. ئەم ئێروانینە پەیوەندی بەم بابەتەوە نییە کە «من ئێدەفکرم» لەوانەیە دەرەنجامێک بێت وەکو دەرەنجامەکانی تر لە ناو ئەزمونێکی فراواندا. لە قۆناغی یەکەمدا، دۆلۆز دەڵێت چەمکێکی وەکو کۆگیتۆ هەمیشە کاردانەوەیە بەرامبەر بە مەسەلەیەک. دۆلۆز پێشتر وتبووی کە چەمکەکان ناتوانن بنەمای کۆتایی بن. چەمکەکان وەکو هەندێک لە رەونە زیندووەکانی ژیان رووددەدەن. بۆ نمونە، چەمکی کۆگیتۆ لە کاردانەوە بەرامبەر بەم مەسەلەیە شکڵی گرت «کە من بە دڵنیایەوە دەتوانم چ شتێک بناسم؟» دۆلۆز پێیوایە ئەو مەسەلەیە لە پێشدا پلانی مناسباتێکی داڕشتبوو. کاتێک کە من بەم پرسیارەوە دەستپێدەکەم کە «من دەتوانم چ شتێک بناسم؟» لە پێشدا «من»ی لە جیهانێک کە هەوڵی ناسینی دەدەم جیادەکردووەتەوە. من پێموایە شێوازی پەیوەندی من لەگەڵ جیهان شێوازێک لە ناسین و داوەریکردنە کە جیهان تێیدا وەکو کۆمەڵەیەک لە راستیە مومکینەکان شرۆڤە کراوەتەوە و «منێک» کە گومان دەکات لەودیوی جیهان لە بەرامبەر جیهاندا راوەستاوە و شرۆڤەکەرەوەی خودە ئەزمونکراوە مومکینەکانە. درامێک کە چەمکی کۆگیتۆ دادەڕێژێت سێ بەشە. ئەم دراما، سەرەتا «پرسۆنایەکی چەمکی» فەرز دەکات (دۆلۆز و گاتاری 1994). هەموو فەلسەفەکان وەها دەکەن، ئێمە ناتوانین چەمکێکی بێ سۆقرات «گفتوگۆکەر» و نیچەی «شێت»مان هەبێت. پرسۆنای چەمکی خولقێنەر یان دانەر نییە، بەڵکو سیمایەکە کە چەمکەکەی ئیۆری و بۆچوون فەرز دەکات. ئایا دەتوانین «رۆمانتیزم» بە بێ سیمای ئاکی بایرۆنی لەبەرچاو بگرین؟ (کەسێک کە هەمان بایرۆنی مێژوویی نییە، بەڵکو کەسایەتی جامع و گشتی هەیە). پرسۆنای (کەسایەتی مەجازی) کیگیتۆش دیکارتی گۆشەگیر و خاوەن گومانە، دووەم ئەوەی کە چەمک دەخولقێنێت، پەیوەندی دادەمەزرێنێت، (چەمکی دەروونداگر و بەدیسیپلین»ە (دۆلۆز و گاتاری 1994) مەبەستی دۆلۆز و گاتاری لە چەمکی رێککراو هەمان دیسیپلینە کە چەمک دەخولقێنێت و مەبەست لە (دەرون داگر)ئەو کاریگەریانەیە کە چەمک لە نێوانیاندا پەیوەندی دادەمەزرێنێت. کاری چەمک تەنها ناو لێنان و گرێدانی شوێنەکان نییە. چەمکی زەرورەتەکان، دیسیپلینەکان، و «ناوچە دەرون داگرەکان» دەخولقێنن، و بەڵگەی راسنگۆییەکەشی دەتوانێت ئیمپیازێک بێت کە بۆ ناسینی ئابستراکت دادەنرێت. چەمکی دیکارت نیشانەی پەیوەندێکی گوماناوی، دادیاری، و ئێروانینە بۆ جیهان وەکو شتێکی شیاوی پێداچوونەوە و شرۆڤەکردن. چەمک ریزکردنی ئایبەتمەندیگەلێک نییە، کە لە پێشدا بوونیان هەبووە»وەکو پرسی (لەسەرو) و «پانتایی داگر» بەڵکو هێڵی ئایبەتی ئێروانین دەخولقێنێت و بەرەو ئەوان دەچن(پرسی «بەدیسیپلین» و «دەروونداگر»: «من لێردەدام»، «دەتوانم چ شتێک بناسم؟»، «گومانی من لێردەدایە»، بیرکردنەوە دڵنیاییە». سێهەم ئەوەی کە، لە وەها درامایەکدا باڵابوون یان شتێکی دەرەوەیی بە نیسبەت ئەندێشە دروستدەکات. دەتوانین بڵێین ئەوەی کە هەیە ئەزمونێکە بە بێ سوژە و ئۆبژە و بە بێ ناوک و رووکەش، ئەم رووەی ناوک مانەوەییە immanence))ە، رەوتی رووتی ژیان و ئێگەیشتنی بێ تێگەیەنەرە جیاوازەکانە. دۆلۆز ئاماژە بە»رووی ئیماتێس» دەکات کە ناوچەیەکی لەپێشدا فەرزکراوە کە تێیدا جیاوازی نێوان ناستی ناوکی (زەین و سوژە) ئاستی دەرەکی( جیهان و دڵنیایی) لە ناو چووە. لە رێگەی ئەزمونەوە سوژە شکڵ دەگرێت و لە رێگای تێگەیشتنەوە تێگەیەنەر شکڵ دەگرێت. تێگەیەنەر دەتوانێت لە رێگای وێنەیەکی خۆیەوە وەکو «من» شکڵ بە پەیوەندی لەگەڵ جیهانێکی دەرەکی یان باڵایی بدات. راستیەکان یان کاروباری باڵایی، بنەماکان یان زەمینەگەلێک بۆ ئەزمون، هەمیشە رووداوی ئەزمونن. ئێمە وەکو ئەو سوژانەی کە دەبێت جیهان بناسین دەستپێناکەین، ئەزمون لە کاردایە و لە رێگای ئەم ئەزمونەوەیە کە ئێمە وەکو سوژەی جیاواز شکڵ بە وێنەی خۆمان دەدەین. بەر لە «سوژەی زەینی»، شتگەلێک بوونیان هەیە کە دۆلۆز وەکو» سوژەی کرم ئاسا) ئاماژەیان پێدەکات. فرە رەهەندی تێگەیشتنەکان و ئیرامانێک کە هێشتا لە «خودێک»دا رێک نەخراون. ئەسەوری

جیهانێکی دەرەکـی و «باڵایی» هەر لەم دەرونمانەوەییەوە حاسڵ بووە. ئەمە شتێک نییە کە سوژەیەک ئامادەی کردبێت، بەڵکو شێوازێکی ناکارا پێکهاتووە.

لـەو رووەوە، دۆڵـۆز لە نێوان «دەرونگەرایی» (extriority) و (پرسی دەرەکـی) و (he) outside جیاوازی دادەنێت، و لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە فۆکۆ (فۆکۆ 1988، کە 1986 بە زمانی فەرەنسی بڵاوکرایەوە) ئەم جیاوازیە بە ئاشکراترین شێوە گەڵاڵە دەکات . هەرچەند مەسەلەی دەرونمانەوەیی و ئازادی لە شێوە جۆراوجۆرەکانی باڵایی، لە بەرهەمەکانی ئەودا هەمیشە بابەتە. ئەندێشە «ئاستی باڵایی» دەخولقێنێت کە ئاستێکی دەرونی لە شێوەی زەین یان سوژەی گومان و ئاستێکی دەرەکی وەکو جیهانێک کە دەیناسین، گومانی لێدەکین، و دیسان دەیخەنەوەڕوو - پێکیدەهێنن، بەڵام پەیوەندی نێوان ئاستی دەرونی و دەرەکی بەشێکەوە بەندە کە شاراوە و لەپێشدا فەرزکراو دەمێنێتەوە یان بەرلەوەی کە پەیوەندی بە ئاستی دەرونـیـەوە بێت لەگەڵ پرسێکی دەرەکـی لە پەیوەندیدایە. لەم نمونەیەدا دەرگایەک دەنوانێت سـنـووری نـێوان ئاستێکی نـاوکـی و دەرەکـی بخولقێنێت ، بـەڵام ئەم جیاوازیە پێویستە لە فەزادا روویدات و فەزا دەنوانێت شکڵێکی رادیکاڵتری دەرەکی بێت. یان لەوانەیە پارچە پەڕۆ یان کاغەزێک بۆ خولقاندنی جیاوازی لە نێوان ئاستی ناوکی و دەروونیدا نووشتابێتەوە، بەڵام ئەم دابەشکردنە دەنوانێت پشت بە خودی کاغەزەکە ببەستێت کە لە واتایەکی سـادەدا، نە ناوخۆییە و نە دەرەکـی. بەڵام کاغەز دەنوانێت لە پەیوەند بە ئاستی دەرەونـی و ناوکی کە نووشتانەوەی پێکهێناوە «پرسێکی دەرەکـی» بێت. سەبارەت بە سـوژە، ناوەکی بوونی سۆبژکتیڤیتە و دەرونی بوونی جیهان، بەرهەمی دەرەوەیی بنەڕەتی ئەزمون یان تێگەیشتنە نا ئاییەنیەکانە. بە وتەی دۆڵـۆز، (دەرەکـی بوونی( ئەندێشە ئـەوەی کە دەیناسین یـان شرۆڤەی دەکـەیـنـەوە نییە. رووی دەرەوەی ئەندێشە هەمان (ئاستی ناوەکی بوونە، یان تێکڕای گریمانەکان، جیاوازیەکان یـان کـاراکـتـێـرەکـان کـە لـە رێگای ئەوانەوە ئێدەفکرین. لێرەدا پێویستە گرنگی بە دوو خاڵ بدەین، یەکەم ئەوەی کە خولقاندنی باڵایی ناوەکی بوون لە فەلسەفە ئەولاتر دەچێت. ئێمە دەنوانین وەکو کۆمەڵەیەک لە «نووشتانەوەکان» سەیری تێکڕای ژیان بکەین. هەر خانە یان ئۆرگانیزمێک لە خولقێنراوی رووەکی ناوەکی و رووەکی دەرەکـی لە رەوت یان ژینگەی ژیان پێکدەهێنێت. دووەم ئەوەی کە، ئێمە دەبێت رەهـەنـدی ئیجابی مێژووی ئەندێشە وەکو پێکهانەی (رووی باڵایی) لەبەرچاو بگرین. شتێک کە ئێمەی گیانلەبەرانی داهێنەر دەبێت وەکو باڵابوونی (هەقیقەت)، (خـواوەنـد) (بوون) یان (هەرمان) پێکهێنابێت.

لەم رووەوە، دۆڵۆز دوو وەڵامی بە خۆشباوەڕی باڵابوون لە شێوازی فەسەفی و سیاسی و کۆمەڵناسیدا گـەڵاڵـە کـردوە. یـەکـەم ئـەوەی کە باڵایی وەکو رووداوێک یان خولقاوێک پەسەند بکەین، بۆئەوەی ببینین کە زەمینە، ئاخێزگە، یان دەرەکی بوونی کۆنایی، لە ژێر کاریگەری ئەزموندایە. ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی گرنگیدان بە مێژوو یان مێژووی فەلسەفەیە، بۆ ئەوەی لە هەموو ئاستەکان و زەمینە جۆراوجۆرەکاندا کە پێکمانهێناوە، چـاوێـک بخشێنین. هـەزار دەشتی گاتاری و دۆڵـۆز، بەو جۆرەی کە لە ناوەکەیدا دیارە، ئاماژەیە بە مێژووی ئەو سەرزەمین و دەشتانە کە لە سەر دەستی ئـەوان ژیـان بونیاد نـراوە. پێدەچێت گریمانەی زمـانـی سـوژە قسەکەرەکان بکات، بزوتنی جێنیتیکی لە سەر بنەمای جۆرەکان وەستاوە، سیستمە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان بە رواڵەت لە «مرۆڤەکان» پێکهاتوون، تێکڕای پەیوەندیە ئابوریەکانی ئێمە بریتین لـــەوەی کـە بـــەرژەوەنـــدی سەرەتایی هەبووە بۆ ئاڵوگۆڕکردن، بەڵام ئەمانە زەمینەی روونکردنەوە نین، دەشتەکان دۆخی سەرەتایی یان کۆتایی نین، کە بتوانن بۆ شیکردنەوەی ژیان بەکاربهێنرێن. زەمینە دەرەنجامی بەرهەمهێنانە. ژیانی خۆی لە دوو جیهەتدا بەیان دەکات، بەرهەمهێنان زەمینە و بنەمان. لە رێگای دەرونی بوونی حەیانەوەیە کە شێواز و نوێژە جیاوازەکان جیادەکرێنەوە، بۆ نمونە رەوتێکی گشتی گۆڕینی جینەتیک بـوونـی هـەیـە، بـەڵام خۆشـباوەڕی ئیستعلا لە ئۆرگانیزمە شکڵگرتوەکان دەکارێت و دەڕوانێتە گۆڕانکاریەکان بـەو جـۆرەی کە لە سـەر جۆرەکان وەستاوە. هەڵەی باڵابوون ئەوەیە کە، پەیوەندی نێوان جیاوازی و پێناسە بە شێوەیەکی هەڵە ئاوەژوو دەکات. لە بری ئەوەی بە گوێرەی شوێنی پێناسەیی سەیری جـیـاوازی و گۆڕانکاریەکان بکەین، بە جۆرێک ئێدەفکرین وەکو ئەوەی جیاوازی و گۆڕانکاریەکان لە سەر بنەمای پێناسە دامـەزراوە. ئێمە بە جۆرێک سەیری جینەتیک دەکەین کە«مرۆڤی» لێدەکەوێتەوە، لە بری ئەوەی کە وەکو رووداوێـک لەرەوتی گۆڕانکارییە جینەتیکیەکاندا سەیری مرۆڤ بکەین. لە بری ئەوەی وەکو هێزێکی جیاکەرەوە بڕوانینە زمان کە دۆخی گوتاری پێکدەهێنێت، وەکو کەرەستەیەکی بەردەستی قسەبێژان سەیری دەکەین.

**دەرونماوەیی(immanense)**

ئـەگـەر یەکەمین وەڵامـدانـەوە

بە خۆشباوەڕی بڵاوبوون، ئێمکرین لە هەموو زەمینەکان، ئاخێزگە و بنەما جیاوازەکان کە وەکو «رووی بڵاوبوون» هانێنە ئاراوە، بوویێت، دووەمین وەڵامدانەوە و ئەرکێک کە بە دژواریەکی زیاترەوە ئەنجامدراوە ئێمکرینە لە شتێکی وەکو «رووی نیمانێس» (دۆڵۆز و گاتاری 59: 1994). بۆ کێشانی هێڵی هاوئەریب دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ کارەکانی دۆڵۆز سەبارەت بە سینەما. سینەما پەیوەندی وێنە و وێنای جوڵەکانە، بەڵام لە لونکەی خۆیدا نەک هەر ئەم یان ئەو ئەوژم و پەیوەندیەکی زۆر کە وێنە لە رێگەی ئەوانەوە جیادەکرێنەوە بە نمایش دادەنێن. هاوکات لەگەڵ ئەم کارە، ئێمە لە پرسی ئێستای - وێنە یان بوون - بەرەو لای پرسی ئێستایی - رووداوی رەونی زەمەنی ئەودیوی شکڵە لەپێشدا دیاریکراوەکاندا دەڕۆین. رووبەڕووبوونەوەی دۆڵۆز و گاتاری لەگەڵ « رووی نیمانێس» لە دوو کتێبدا بە ئاشکراترین شکڵ دەبینرێت: فەلسەفە چییە؟ کە سەبارەت بە نیمانێس تیۆری دادەنێن، و هەزار دەشت کە تێیدا بە شێوەیەکی چالاکانە دۆخگۆڕی جینات، جوگرافی، میکرۆبیۆلۆژیک، مێژوویی و جوانیناسییەک کە لە رێگای ئەوانەوە فیکر دەردەکەوێت، دەدەنە بەر لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن. بەم هۆیە، هەزار دەشت شکڵی ئاسایی کتێبێک یان باسێک لە خۆی ناگرێت. کتێب دەستپێکێکی دیاریکراوی نییە، پێدەچێت دەیەوێت بە هەمان نیمانێس بگات - هەر دەشت (یان بەش) وەکو هەر بەشێکی تر دەتوانێت بە باشی خاڵێکی دەستپێک بێت بۆ ئێمکرین.

ئێمکرین لە (ئاستی نیمانێس» پێویستی بە جیاکردنەوەی لە سێ ئاست یان دەشت(فلات)دایە. هەڵبەت هەر رووەیەک پێشتر ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی بە رووەکەی تر داوە و بە رووباندا کراوەتەوە. سەرەتا ئاشۆب یان رەونە جیاوازەکان کە ژیان: ئەم رەونانە بە نیسبەت کاروبار و سیستمەکانی پەیوەندی رێکخراو لەپێشترن. دۆڵۆز و گاتاری ئەم رەونانەیان ناو ناوەتە «ئاشۆبی جیهان». ئەوەش هێشتا جیهانێک نییە. «ئاشۆبی جیهان»ژیانێکی دەرکپێکراوی وەکو گشتێک کە لە دەرەوەی ئاشۆب فۆرمی گرتوە، نییە. «ئاشۆبی جیهان» لە بنەڕەتدا پرسێکی دەرەکییە. دووەم ئەوەی کە، لەم رەونی جیاکاریە یان هێزە ئاکرەهەندی و دەرون داگرە کە ئۆرگانیزمەکان جیاکراوەتەوە. هەر ئۆرگانیزمێک فۆرم بە خاڵێکی دەرکپێکراو دەدات، یان بە دوو لایەندا دەکرێتەوە: بەرەو ئاشۆبێک کە لە رێگایەوە سەرهەڵدەدات بەرەو فۆرمی سنووورداری خۆی دەچێت. بۆ نمونە، خاوەنی دانەرێکی سەقامگیر و گۆڕاوە. ئۆرگانیزمی مرۆیی بە ئەسەودرێکی بنەڕەتی کە لە رێگایەوە دەردەکەوێت و بەرەو ئاشۆب دەکرێتەوە، بەڵام ئەم کارە هەمیشە لە رێگای پێگەیەکی ناسراوی مرۆییەوە ئەنجام دەدرێت. دۆڵۆز و گاتاری وەکو «دەربڕینی دووقات» ئاماژە بەم بابەتە دەکەن. حەیات، نەک فۆرمی داخراو، بەڵکو ئوێژگەلێک پێکدەهێنێت - کە کەم تا زۆر شوێنگەلێکی پتەون کە لە رێگەی خولقانی جیاکاری لە نێوان رووە ناوەکی و دەرەکییەکان، لەخێرایی ئەوژمی جیایی کەم دەکەنەوە. ئێمە دەتوانین بەم رووەی دووەم وەکو خولقاندنی بڵایی یان جیهانێک لە ئەوژمی نیمانێسی حەیات ئێمکرین: هەر ئۆرگانیزمێک کراوەیی ئاییەنی خۆی بۆ جیهان هەیە.

سەرەنجام ئەوەی کە، فەلسەفە یان ئێمکرین بە رووی دەرون ماوەیی هەرگیز نە خودی ئاشۆبە و نە گەڕانەوەی کامڵە بەرەو رووی سەرەتای «دژە قەڵەمڕەوی رەها»دا.

دۆڵۆز و گاتاری بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە، کە فەلسەفە پێەوی و رێکوپێکی دەبەخشێتە ئاشۆب و رێگای ئەوە بە ئێمە دەدات، کە بیر لە جیاوازیەکانی نیمانێس(دەروونی بوون) بکەینەوە کە بڵایی پێکهێناوە. رووی نیمانێس ئێمکرینە بەرامبەر بەو شتەی کە زەمینەگەلێک پێکدەهێنێت. دۆڵۆز و گاتاری لەو بڕوایەدان کە سەبارەت بە کۆگیتۆ و سوژە کە وەکو زەمینە پێکهاتوون، رووبەکی دەروونماوەیی لە پێشدا گریمانەکراو بوونی هەیە. پەیوەندیەکانی گومان، ناسین، دڵنیایی، مادە و ئەندێشە. رووی نیمانێسی دانەرێکی دەرەکی و پۆست فەلەسەفەیە لە هەندێک فەلسەفەدا. ئێمکرین بە رووی نیمانێس بە واتای ئێمکرینی دەرەوەی گشتە، ئەم دەسەڵاتەی جیاوازی یان کردەیەک کە نەک هەر بە چالاکی گەلێکی وەکو هونەر و فەلسەفە، رێگای دەرک کردنی جیهان دەدات، بەڵکو رێگایان پێدەدات، بۆ ئەوەی بیر لە جیاوازیەکی گەورە بکەنەوە کە لە رێگایەوە جیهان دەردەکەوێت. ئێمکرین لە نیمانێس دەتوانێت فۆرمی جۆراوجۆر لە خۆ بگرێت و چەندین جار تازە ببێتەوە. هونەرمەندان دەبێت بە شێوەی هەمیشەیی لە ناخی ئەزموندا بتلێنەوە، بۆئەوەی ئیحساساتێک کە لە رێگای ئەوانەوە ئەزمونی ئێستای پێکهێناوە، ئازاد بکەن. فەیلەسوفان دەبێت ئەو چەمکانەی کە ئەبایی دەبەخشێتە ئاشۆب، دووبارە بخولقێنێننەوە، بەڵام دەبێت بە بێ وەرگرتنی وێنەیەک لە دەرەوە کە وەکو بنەمایەکی تر بکارێت، بۆ هەمیشە ئەندێشە بە رووی دەرەوەدا بکەینەوە.

فەیلەسوفەکان چەمک گەلێک دەخولقێنن، کە وەکو زەمینە، خاڵی رێکەوتن، دووبارە ناسینەوە

هەڵسوکەوت ناکەن، بەڵکو رێگا بە ئێمە دەدەن بیر لە جیاوازی، ناپەیوەستبوون و ئاشۆبێک بکەینەوە کە ئێمەیان دەورە داوە و لەنێوانمانەوە تێپەڕ دەبێت.

دۆڵۆز ژمارەیەک چەمکی وەها دێنێتە ئاراوە و ئاماژە بە فەیلەسوف گەلێک دەکات، کە ئیمانێس رەنددەکەنەوە. بۆ نمونە، باروخ سپینۆزا(77 – 1632) لە بەرچاوگرتنی خواوەند وەکو بونێکی دەرەکی کە جیهانێکی جیاوازی خولقاندوە، رەنددەکاتەوە. ئەگەر ئێمە وەکو خولقێنەرێکی ناوەکی سەیری خواوەند بکەین، شتێک جگە لە خواوەند دەتوانێت بوونی هەبێت، لەم حاڵەتەشدا خواوەند ناتوانێت رەها بێت. بەم پێیە لەلای سپینۆزا خواوەند شتێک جگە لە گەوهەری بەیان نییە و بەیانیش شتێک نییە جگە لە گەوهەر. بەم جۆرە نییە کە سەرەتا گەوهەرێک هەبێت کە دواتر خۆی بە شێوی جۆراوجۆر بەیان بکات. لێرەدا تەنها جیاوازیەکانی بەیان بوونیان هەیە، بە بێ ئەوەی هیچ بەیانێک پەیوەندی بە پرسێکی دەرەکیەوە هەبێت، یان زەمینە بۆ بەیانەکانی دیکە فەراهەم بکات. بەدەر لە سپینۆزا، ئەمە تەنها بە هۆی ئایدیا بەرتەسکەکانی ئێمەوەیە کە ناچارین جیهان وەکو شتێک کە لەسەر بنەمای گەوهەری جیاواز و دوور لە یەک لەبەرچاو بگرین.

ئەمە ئەسەوری بەرتەسکی ئێمەیە کە خواوەند وەکو پیرە پیاوێک لە شێوازێکی باوکانەدا لە بەهەشت دەبینین. ئایدیایەکی کامڵیش دەتوانێت ئێکراپی هەستی و ژیان وەکو دەربڕینێکی رەها لەبەرچاو بگرێت، کە زەمینەیەکی بەدەر لە خودی تێدا نییە. خواوەند ناتوانێت تەنێکی جیاکراوە و عەینی بێت، بەڵکو خواوەند هێزێکی بێکۆتاییە کە ئێکراپی حەیات و هەستیە. بەم پێیە ئایدیای تەواو و کامڵ ئێمە

ئێمە دەبێت شێوازگەلێک بۆ ئێفکرین بخولقێنین، کە رێگا بە پێکهێنانی وێنەی باڵا نادات، کە ئەزموون سنووردار بکات و شرۆڤەی بکات. بەم هۆیە دۆڵۆز هەمیشە چەمک و دەستەواژەی نوێی دەخولقاندوە

لە بەرتەسکیەکانی ئەسەورمان ئازاد دەکات و داوا لە ئێمە دەکات لەو دیوی خۆمانەوە ئێفکرین. بەم هۆیە فەلسەفە دەتوانێت – دۆڵۆز لە سەر ئەم رووەی سپینۆزا پێداگری دەکات، زیندوو و کردەیی بێت: گەشەی ئەو ئایدیایەی کە بەرامبەر بە جیهان هەمانە، لە دۆخی لە پێشدا پێناسەکرا و بەرەو ئێفکرین لە هێزێکی دەربڕین کە ئەم دۆخە پێکدەهێنێت. ئیمانێس لەلای دۆڵۆز مەسەلەیەکە بە رەهەندێکەوە لە داهاتوودا.

ئێمە دەبێت شێوازگەلێک بۆ ئێفکرین بخولقێنین، کە رێگا بە پێکهێنانی وێنەی باڵا نادات، کە ئەزموون سنووردار بکات و شرۆڤەی بکات. بەم هۆیە دۆڵۆز هەمیشە چەمک و دەستەواژەی نوێی دەخولقاندوە، ئەنانەت روانگە جیاوازەکانی لە کارێکی هاوبەشدا ئاوێتە دەکرد، شتێکی وەکو دەنگە چەند رەهەندەکانی هەزار دەشت. شتێکی وەکو تۆمارکردنی دەنگەکان، چەمکەکان، دیمەنەکان رێگری لەوە دەکەن، کە ئێمە وا بیربکەینەوە کە ئێکراپی هەستی دەتوانێت تێبگەیەنرێت. ئەگەرچی، هاوکات، ئەوەی کە گشتیەتی هەستی لەو دیوی تێگەیشتنی ئێستاوەیە کە ئێمە هەمانە، بەو واتایە نییە کە ئەندێشە ناتوانێت بە هەوڵەکانی بۆ ئێفکرین سەبارەت بەو گشتە لەگەڵ خۆی رووبەڕوو بێتەوە و خۆی ژێرورِوو بکات. کتێبەکان و چەمکە تایبەتەکانی دۆڵۆز شایەتی ئەو ئیدعایەن، دۆڵۆز بە خولقاندنی دەقی دژوار، ناباو، شۆڕشگێڕانە، ئەو شێوازە دەگۆڕێت کە ئێمە لە رێگایەوە خۆمان دەبینین.

ئێمە ئیتر سوژەگەلێکی لێکجیاکراوە نین، کە هەستی لە رێگەی ئێفکرینی ئیۆریەوە ببینین. لە رێگای دۆڵۆزەوە، دەتوانین ئەم پرسیارە دەستپێبکەین کە ئێمە هەین و لەوانەیە چیمان لێبێت. ئێفکرین لە ئەزموون وەک گشتێکی کراوە و ئیمانێس، ئەم مەسەلەیە پەسەند دەکات، کە هەر پێشهاتێکی نوێی ئەزموون، چییەتی ئەزموون دەگۆڕێت و لەم رێگایەوە دەبێتە کۆسپ لە بەردەم پێکهاتنی زەمینەی کۆتایی و داخراودا بۆ ئەزموون. بەم جۆرەیە کە ئیمانێس بۆ دۆڵۆز تەنها فەلسەفەی راستەقینەیە. ئەگەر رێگا بدەین ئەندێشە بنەمای باڵای هەبێت – شتێکی وەکو هزر، خواوەند، هەقیقەت، یان گەوهەری مرۆیی ئەندێشە رادەگرێت. ئەگەر ئیمانێس بۆ دۆڵۆز فەلسەفە بێت ئەخلاقیشە، رێگە نەدان بەوەی کە وێنەیەکی تاک کە خۆی بە سەرتر لە شتەکانی تر دەزانێت، ئەزموون بەرتەسک بکەنەوە. لەم چوارچێوەیەدا، بۆ پێناسەکردنی ئیمانێس ئاماژەمان بە ئەزموون کرد. بەو هۆکارەی کە ئێمە ناتوانین وێنە بکەینە بنەمای ئەزموون، بەڵام لێرەدا چ مانایەک لە ئەزموون بەدەستەوە دەدەین و ئەوەی کە رێگری لە ئەزموون دەکات،

وەکو بنەمایەکی «باڵایی» بکرێت، چییە؟ ئەم بابەتە ئێمە دەگەیەنێتە ئەزمونگەرایی دۆلۆز و جارێکی تر باسی خاڵی بەیەک گەیشتن و جیاوازی فەلسەفە و هونەر دەهێنێتە ئاراوە.

## ئەزمونگەرایی

ئەزمونگەرایی لەلای دۆلۆز شتێکی زیاتر لە تیۆریەکی فەلسەفی یان پابەندبوون بە مەکتەبێکی تایبەتی ئەندێشە نییە. ئەزمونگەرایی ئەخلاق و سیاسەتە. بە شێوەی نەرێنی ئەزمونگەرایی لە بەرامبەر ئایدیالیزمدا پێناسە کراوە. ئایدیالیزم دەربارەی لەپێش بوونی ئایدیاکان قسە دەکات. بۆ ئایدیالیستێک تەنها رێگایەک کە دەتوانین جیهانێکمان هەبێت و تەنها رێگایەک کە ئەزمونی تێدایە، ئایدیاگەلێکی بنچینەیین، کە دەتوانن جیهان رێکبخەن و سەقامگیری پێببەخشن. بۆ نمونە بە بێ ئایدیاکانی هۆکاری و گەوهەر، ئەو پێدراوانەی وەریدەگرین تەنها دەتوانن ئەوژمێکی هەڵکەوتی و نارێکو پێک بن. ئێمە تەنها جیهانێکمان هەیە، چونکە ئەوەی وەریدەگیرین - ئەزمونی فێرکراو - لەلایەن ئایدیاکان شرۆڤە و رێکخراوە. بەم پێیە ئایدیالیزم، پابەندبوون بە خەیاڵێکە لە سوژەیەک. جیهان خۆی وەکو جیهان رێکدەخات و پێەو دەکات. لەوانەیە وا لێکبدرێتەوە کە ئایدیالیزم لقێکی تایبەتە لە فەلسەفە، بەڵام ئایدیالیزم شتێکی زیاتر لەمەیە. ئەمرۆ، لە زۆربەی تیۆریە ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی فەرهەنگیەکاندا، وەکو شتێک کە لە رێگای زمان و کولتورەوە «دروستکراوە» دەڕوانینە جیهاندا. ئەنانەت بە شێوەی باو، کاتێک کە ئاماژە بە جیهان دەدەین ، لە راستیدا ئاماژەمان بە جیهانی هاوبەشی مرۆیی کردوە کە دەیناسین . ئێمە بە گژو گیا، خانەکان، یان ماشێنەکان بە شێوەیەک کە خۆیان جیهانێکی رێک و پێکیان هەیە، ئێنافکرین، چونکە تەنها ئاماژە بە جیهانێک دەدەین، کە لە رێگای ئایدیاکانەوە تەسەور کراوە و وێناکراوەتەوە. ئایا ئاژەڵەکانیش جیهانیان هەیە؟ سەگێک لەوانەیە جیهانێکی هەبێت، بەڵام ئایا ماسی سوور یان قالۆنجەش جیهانیان هەیە؟ بۆ ئایدیالیستێک ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە شتێکەوە هەیە، تەنها دانایەک نییە، بەڵکو دانایەکە کە فۆرم بە هەندێک لە گشتە دەرککراوە ماناداردەکان دەدات. ئەمەش ئیمێلیازێکە کە دراوە بە هۆشیاری یان ئەزمونێکی ناسراو و شرۆڤە کراو. ئایدیالیزم پشتڕاستی دەکاتەوە کە ژیان یان جیهانی واقیعی لە دەرەوەی ئایدیاکانی ئێمەیە، بەڵام پێداگری دەکات کە ئەم ژیانە یان «ئەمری واقیع» لەلایەن ئایدیاکانەوە تێوانکاری کراوە و ملکەچ بووە. ئەمری واقیع هەمیشە پرسێکی راستەقینەیە، کە لە رێگای ئایدیاکانەوە دراوە. دۆلۆز لە دژی تێوانکاری (meditiation)باس دەکات. ئەو پێداگرە لە سەر ئەوەی کە بەو جۆرە نییە، کە سەرەتا هەستی یان حەیات بوونی هەبێت و دواتر ئەو هەستیە لە رێگای ئایدیاکانەوە تێوانکاری بکرێت و دیسیپلیندار بێت. هەستی بە شێوەیەکی راستەوخۆ و بێ ناوکۆیی ژیاوە. ئێمە تەسەور یان ئایدیایەک لە خۆر وەرناگرین، بەڵکو خودی خۆر ئەزمون دەکەین. لە راستیدا بەدەر لە ئایدیاکانی ئێمە بۆ ئەزمدان بە جیهان، جیهان خۆی ئایدیا یان وێنەگەلێک پێکدەهێنێت، کە ئێمە کاریگەریەکانی ئەوانین.

ئەزمونگەرایی، لە بەرامبەر ئایدیالیزمدا، بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە ئایدیاکان ئەزم بە ئەزمون


دۆلۆز

نابەخشێت، ئایدیاکان دەرەنجامی ئەزمونن. هیچ دۆخێکی دەرەوەی جیهان، وەکو سوژە بوونی نییە، کە جیهان رێگا بدات پرسێکی دیار و روون بێت. ئەزمونگەرایی خۆی بە دۆخگەلێکەوە گرێدەدات کە زیاتر نییە لەوەی کە روون و ئاشکرا و مەرجدارە. رووتر قسە بکەین، ئێمە ناتوانین لە سوژەکان و ئایدیاکانەوە بۆ شیکردنەوەی جیهان و ئەزمون کەڵک وەرگرین، ئێمە دەبێت بۆ ئەم بابەتە پاساوێکمان هەبێت کە چۆن سوژە لە ئەزمونەوە شکڵی گرتووە. ئایدیالیستێک دەتوانێت بەڵگەی ئەوە بهێنێتەوە، کە ئێمە جیهانێکی رێک و پێکی هۆکاریمان هەیە، چونکە لە رێگای ئیدیای هۆکارێتییەوە، ئەزمونەکان پێکەوە گرێدەدەین.

ئەزمونگەرایەک بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە ئەزمونێک لە گەڕان بوونی هەیە، ئەم ئەوگەڕانەش لە کۆتاییدا دیاردەی هۆکارێتی پێکدەهێنێت، وەکو a و بەدوایدا b.

ئایدیاکان رەنگدانەوەی ئەزمونن و لە رێگای ئەزمونەوە فۆرمیان گرتووە. سوژە خولقێنەری ئایدیاکان نییە، بەڵکو ئەوە ئەزمونە کە لە زەیندا روو دەدات و لە رێگای کۆمەڵێک لە ئەزمونەکانەوەیە کە سوژە شکڵ دەگرێت. فۆرم شتێکی زیاتر لەو شوێنە نییە، کە ئەزمون تێیدا روودەدات. (دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە شوێنگەی دیکەش هاوشێوەی ئەزمونی نازەینی بوونیان هەیە) زەین کاریگەری a و دواتر b وەردەگرێت. زەین ئەم کاریگەریانە پێکەوە گرێدەدات و دواتر ناوێنەیان دەکات، بەڵام بۆ دۆڵۆز ئەو خاڵە لە ئارادایە کە ئەوە سوژە نییە ئەو پەیوەندیە گرێدەدات، بەڵکو بابەتەکە ئەوەیە کە پەیوەندی بوونی هەیە و زەین شتێک زیاتر لەو شوێنە نییە کە پەیوەندی تێیدا روودەدات.

قۆناغ یان رووی دواتر قۆناغێکی سەرنجراکێشترە. پەیوەندی» a و دواتر b» لە رێگەی رەوتی زەمەنەوە مەیسەرە. ئەم بابەتە دیسان دووپات دەبێتەوە و ئەمەش بە وردی بە هۆکاری سروشتی ژیانە کە شتەکان جاروبار پێکدەهێنێت.

لەلایەک، زەین تەنها» aو دواتر b» نیشان نادات، بەڵکو وەکو چاوەڕوانی «b»دەکات و پێشبینی دە کات. ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین خۆر هەڵبێت، ئێمە چاوەڕوان دەکەین دراوسێکەمان سڵاومان لێبکات، یان چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کۆمەڵگەی زیاتر هاوشێوەی کۆمەڵگەی ئێمە بن. ئەم چاوەڕوانیانە هۆکارێک دروست دەکەن: شتێکە وەکو ئایدیای «یاسای سروشت» کە دەبێتە هۆی هەڵاتنی خۆر یان یاسای سروشتی مرۆیی کە هەمووی ئێمە دەکاتە هاوشێوە. لە چاوەڕوانیدایە کە زەین شتێک زیاتر لە هێزی پەیوندیەکان نییە. لە رێگای چاوەڕوانی رووداوێکەوەدیە کە زەین لە ئەزمون (یان داتا) ئەولاتر دەچێت روو لە داهاتوو دەکات. زەین ئەمکارە بە لکاندنی ئێستا بە رابردووەوە ئەنجام دەدات. وەکو بەشێک لە رەوتی خولقێنەرانی ژیان، لە دڵی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئایدیای بەرووبومەکان نەسەورن. بەم حاڵەشەوە، ئەو ئایدیایانەی کە لە ئەزمون سەرتر دەچن، گەشە بە ئەزمون دەدەن. ئەوان ئەزمون بە روانگای سوبژکتیڤ یان (کەماڵخوازی) بە جیاوازی رێکناخەن و دروست ناکەن.

ئەم بابەتە لەوانەیە زۆر ئابستراکت بەرچاو بکەوێت، بەڵام دوو دەرەنجامی سیاسی گەورەی دەبێت. یەکەم ئەوەی کە ئێمە ناتوانین ئەزمون وەکو ئەزمونی سوژەکان سەیر بکەین، ناسنی شەخسی نەبوو، نامرۆیی، بێ ناونیشانی ئەزمون لە ناسین تا جیهانی مرۆیی ئەولاتر دەچێت، جۆرەکانی ئەزمون، تێگەیشتنەکان، یان کاریگەری بوونی هەیە: دەوەنەکان ئیشک وەردەگرن، ماسولکەکانی جەستە راکێشان ئەزمون دەکەن، جێنەکان جوڵەی ڤایرۆسی ئەزمون دەکەن، سوژەی مرۆیی دەرەنجامی کۆمەڵەیەکی تایبەت لە پەیوەندیەکان ئەزمون دەکات. لە رێگای کاریگەریە مادیەکانەوە - زانیاری هەستەکان لە رێگای جەستەوە وەردەگیرێت - زەین فۆرم دەدات ئایدیا رووت و نامادیەکان: چاوەڕوانی داهاتوو، ئایدیای ئەزمونی گشتی مرۆیی، ئایدیای»خود» و ئایدیای جیهانی یاسا و رێکخراو.

ئەزمون تەنها تایبەت بە ئەزمونی مرۆیی نییە، واتا چەند رەهەندی بوونی جیهان لەئارادایە. ئێمە دەبێت خەیاڵی ئەزمون بە شێوەیەک گەشەپێبدەین کە تێکڕای وەڵامدانەوە و کاریگەریەکان ژیان دەنەخشێنن، لەخۆ دەگرێت. ئەم بابەتی کاریگەریەکانی جەستە - بەر لەوەی لەلایەن ئایدیاکانەوە رێک بخرێت، کاریگەریەکانی ئەودیوی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت: تێگەیشتنە خانەییەکان و هێڵی نا ئۆرگانیکی جیاوازیش بوونی هەیە. سوژەی مرۆیی ناسەواری هەموو ئەم دۆخگۆڕیە جۆراوجۆردیە، کاریگەری هەموو ئەم پەیوەندیە خانەیی، جێنێتێکی، مادی و موجەڕەدەدیە، کە لە ئۆرگانیزمەکانەوە تێپەڕ دەبێت.

**سەرچاوە:**

-ژیل دولوز،کلرکولبروک، ترجمە رچا سیروان، ویرایش تحریریەی نشر مرکزدبیر مجموعە: پیام یزدانجو
گرح جلد از ابراهیم حقیقی
چاپ اول 1387، شمارە نشر891، 3000 نسخە، چاپ کانون چاپ
شابک: 2 - 984 - 305 - 964 - 987